# له ئه مه ریكای ئازادا ، ره شه كان بازاڕه كان تالان ده كه ن، به لام سپیه كان به دوای ناندا ده گه ڕێن !

ئه مه قسه ی من نییه ، به ڵكه ئه مه قسه ی یه كێك له گه وره گۆرانی بێژه كانی ئه مه ریكایه ، كه به م شێوه یه ره خنه ی له میدیا كانی ئه مه ریكا گرت . كاتێك كه گه رده لوولی ( كاترینا ) رووبدا .میدیا راسیزته كانی ئه مه ریكا به م شێوه یه به رگریان له و ریسوایه كرد،كه به هۆی ئه م گه رده لووله وه تووشیان بووه. ئاخر وولاتێك خۆی به پۆلیسی جیهان دابنێت و به ناوی ( ئاشتی و ئازادی ودیموكراسی ) په لاماری ته واوی جیهان بدات . چۆن ده بێت ئه م وولاته،یان ئه م ئیمپراتۆریه ته مه زنه ده ستی سوال له ده وله تێكی وه كو( كوێت، هیندو ئوردون و سودان و نه یجیر و سۆمال ) پان بكاته وه .

ئه مه ریكا له یه كه م رۆژیه وه له سه ر بنه مایه كی راسیزتانه دروست بووه . یه كه مین پێ كه سپیه ئه ورووپیه به ربه ریه كان،له سه ر ئه م كیشوه ره دایان نا .به جینۆسایدی ده ستی پێكرد.ته نها له ئه مه ریكادا 35 ملیۆن مرۆڤی ره سه نی ئه م وولاته یان كووشت . پاشان كه وتنه گیانی ئه فه ریكا و خه ڵكی ئه و كیشووه ره یان به زۆركۆیله كران.هه تاوه كووئه مرۆش ئه فریكیه كان به پیسترین شێوه ی هه ڵسووكه وتیان له گه ل ده كرێت . ڕاسته له شه سته كاندا كۆمه ڵێك ئاڵوگۆڕ له باری ژیانیاندا كرا ، به لام هه تاوه كوو ئه مرۆش ده چه وسێنرێنه وه و حسابی ئه مه ریكی ده ره جه دوویان بۆ ده كرێت. ئه فه ریكایه كان له ما س میدیاكانی ئه مه ریكادا شێوه یه كی ناشرینیان پێ ده درێت ( دزن ، پیاوكووژن ،ئه گره سیڤن ،دواكه وتوون ) .به م شێوه یه هه موو ئه مه ریكیه ك ده بێت سه یری ئه و خه ڵكه به سه زمانانه بكات . چه ندین جار پۆلیسه كان به دڕنده ترین شێوه په لاماری ئه فه ریكایه كانیان داوه . كه ئه مه بۆته هۆی پێكدادان و خۆپیشاندانی گشتی . هه تا كۆتایی سه ده ی 19 ، رۆژنامه كانی ئه مه ریكا ریكلامی له م جۆره یان بلاوده كرده وه(قووله ره شێك كه خاوه نه كه ی مسته ر(س)ه‌رایكردووه،هه ر كه س بیگرێت 1000 دۆلار خه لات ده كرێت ) . هه تا ناوه راستی ئه م سه ده یه ش له زۆر شوێندا وه كوو ( رستۆرانت ، چایخانه و ، هۆتێل و پاركه كان )ده نووسرا (تكایه ئه م شێونه بۆ ره ش نییه). هه تاوه كوو ئه مرۆش ئه فریكیه كان كه مترین رێژه له خوێندكارانی زانكۆو په یمانگاكان پێك ده هێنن. زووربه یان به هه ژاری ژیان به سه ر ده به ن . له هه موو شی سه یرتر ئه مان رێژه ی هه ره زۆری سه ربازانی سووپای ئه مه ریكی پێك ده هێنن.بۆ نموونه 10هه زار سه ربازی ئه مه ریكی كه له ئێراقن. خه ڵكی ئه و وولایه ته ن كه به ر ئه م كاره ساته كه وتوه.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

زۆر سه یره هه ندێك كه س كه خۆیان به ( رۆشنبیر ونووسه ر ) ، داده نێن هێشتا به رگری له م وولاته شۆڤێنیه ده كه ن و هێنده خۆش باوه ڕیشن به وه ی كه ، ئه مه ریكا كوردستانیان بۆ رزگار بكات ! نازانن گه وره ترین زله ، له مێژوودا كه كورد خواردبێتی ،به ده ستی ئه مه ریكابووه .

یه كێتی و پارتی كورده له وكاته ی كه ئاوه ره كورده كانی باكوور ورۆژهه ڵاتیان وه كو به رخ ته سلیمی گوورگه بیابانه كانی رومادی و موسڵ كردووه . كه چی یارمه تی بۆ ئاوه ره كانی ئه مه ریكا ده نێرن !.گه ر یه كێكیش قسه بكات ده ڵێن (تۆ له سیاسه ت نازانیت !).

ئه فریكایه كان گه ر پێستی خۆشیان بگۆڕن بۆ سپی،هه ر ده یانچه وسێننه وه . ئه وه نییه ڕۆژانه مایكل جاكسۆن دوای ئه وه ی رووی خۆی ریسواكرد . كه چی رۆژانه ریسواتری ده كه ن .

ئایا كۆهین پاوه ڵ و كۆنده لیزا رایس ، ره ش پێستن یان سپی پێستن ؟

یه كه مین سه رۆك وه زیری مسته فا كه مال ،عیسمه ت ئه نینۆ بوو. كه كوردێكی مه لاتیا بوو . ته هایاسین ره مه زان كه جێگری سه دام بوو ،ئه ویش كوردێكی ره سه نی موسڵ بوو !

چه نده ئه مانه به رگریان له گه له چه وساوه كه یان كردبێت.هه رئه وه نده ش ئه و دوو به رێزه به رگری له ره شه كان ده كه ن. ئه م دووانه به هه موو مێژوویان به شداری هیچ چالاكیه كی سیاسیان نه كردووه بۆ پشتگیری ماقی ره ش پێسته كان.پاوه ڵ له ده زگای سه ربازی گه وره بووه.رایسیش له ده زگای ده ره وه هه ردوو ده زگاكه له جیهاندا به راسیزم ناوبانگیان ده ركردووه. ئه م دووانه هێنده پێیان گوتوون (ڕه شی پیس) . تا ره نگیان ته واو سپی بۆته وه . بۆیه پێش هه ر چاوپێكه وتنێكی رۆژنامه وانی له هه موو سیاسیه كانی تر ،سپیاویان زیاتر ده كرد .

هه تا ئه مه ریكابه رگریكه ری سیسته می سه رمایه داری بێت ،راسیزم وشۆڤێنیزم هه ر ده مێنێت .

جاران ئینگلیزه كان به ئیمپراتۆریه ته خوێناویه كه یان ده ووت ( خۆر لێی ئاوا نابێت ).به لاَم له ناوه راستی ئه م سه ده یه دا . خۆر وا لێی ئاوا بوو . كه هه موو ئینگلیزه كانی تووشی هه لاَمه تێكی سه خت كرد. هیوادارم ئه م جاره ش خۆر به شێوه یه ك له م ئیمپراتۆریه ته ی ئه مه ریكا ئاوا بێت،كه هه موویان له سه رمادا ره قوته ق ببنه وه.

ئه رده لاَن عه بدوولڵا

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com